بەشێوەیەکی کاتی کارەبا بۆ دوکانەکانی دارەسووتاوەکە گەڕێندرایەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، کارەبای سلێمانی رایگەیاند بەشێوەیەکی کاتی کارەبا بۆ سەرجەم دوکانەکانی بازاڕی دارەسووتاوەکە گەڕێندرایەوە.

بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی/ رۆژهەڵات لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ پێنجەمین رۆژ تێدەپەڕێت بەسەر رووداوی سووتانی دووکانەکانی بازاڕی دارەسووتاوەکە و لە ساتی رووداوەکەوە، بەردەوام کارمەندانی ه□ب□ی کارەبای ناوەندی شار، لە هەوڵی دابینکردن و گەڕانەوەی کارەبان بۆ دووکانەکان.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەمڕۆش بەشێوەیەکی کاتی کارەبا بۆ هەموو دووکانەکانی دارەسووتاوەکە گەڕێندرایەوە .

ئەوەشیخستەڕوو، هەر ئەمڕۆ کاری داگرتن و گواستنەوەی محاویلەی ژمارە (8) لە سەربانی گوزەری پۆشاکی سەربازی لە دارەسووتاوەکە لەسەر فیدەری 303 مساعد، بۆ وەرشەی محەولات ئەنجامدرا

بۆمەبەستی چاککردنی.